ڕوونکردنەوەی کۆمەڵایەتییانەی هۆکار و لێکەوتەکانی خەتەنەی ژنان لە ئێران

نووسەر: کامیل ئەحمەدی[1]

پوختە

خەتەنەی کچان بریتییە لە هەموو ئەو داپەڕانەی کە دەبێتە هۆی بڕینی بەشێک یان هەر هەموو بەشە دەرەکییەکانی کۆئەندامی زاوزێی ژنان و یان بە واتایەکی دیکە، هەر چەشنە زیانگەیاندنێک بە هۆکاری ناپزیشکی بۆ سەر ئەم بەشە. خەتەنە نموونەی ئاشکرای توندوتیژی دژ بە ژنان بەتایبەت منداڵان و کچانە کە لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی جیهاندا بەدی دەکرێت. لە ئێرانیش خەتەنەی کچان دیاردەیەکی نائاسایی نییە بەڵام لە لایەن دەوڵەت، وەزارەتخانە و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانەوە پشتگوێ خراوە. ئامانج لەم توێژینەوە لێکدانەوەی گشتگیری خەتەنەی ژنان لە ئێران بوو کە بۆ یەکەمین جار لە ئێران لە مەودای زەمەنی 1384 بۆ 1394ـی هەتاوی ئەنجام درا. شێوازی ئەم توێژینەوە پێناسەیی – ئەندازەیی و مەیدانییە و لە سەر ئاستی کەلان بوو. هەروەها ئامراز و تەکنیکەکانی توێژینەوە پرسیارنامە، دیمانە و بینینی هاوبەشانە بوو. ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ڕوونی دەکاتەوە کە خەتەنەی کچان لە ناو ئەهلی سوننەی لقی شافیعی مەزهەبەکان لە هەندێ لە بەشەکانی هەر چوار پارێزگای هورمزگان، کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژاوا لە دێرزەمانەوە باو بووە و بە خۆشحاڵییەوە لەم ساڵانەی دواییدا ڕووی لە دابەزین کردووە. ئەنجامەکانی توێژینەوە ئەوە دەردەخا کە لە گرنگترین هۆکارەکانی ئەنجامدانی خەتەنە لەم ناوچانە پاساوی ئایینی، بێئاگایی، ئاستی خوێندەواریی نزم و نەخوێندەواری، کەلتووری پیاوسالارانە و باوەڕگەلی سەبارەت بە پاکداوێنی و تەندروستی و جوانییە. هەروەها ڕێکارگەلێک بە مەبەستی پێشگیری و دژایەتی خەتەنەی ژنان پێشنیار کراوە کە بریتییە لە: قبووڵکردنی بوونی خەتەنە و بابەتێتییەکەی لە لایەن دەوڵەت و وەزارەتخانە پەیوەندیدارەکانەوە، گرتنەبەری داپەڕی یاسایی و زەرووری بۆ ڕێگری و بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی کچان لە لایەن دەوڵەت و بەستێنسازیی کەلتووریی، هێنانی ئەم زەروورەتانە بۆ ناو دەزگای داد، تەندروستی و پەروەردە، هەروەها تەرخانکردنی خزمەتگوزاری تەندروستیی نیشتمانی و خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی لەم ناوچانە بۆ ئەوەی متمانە لە نێوان دەوڵەت و خەڵک بێچم بگرێت. پشتیوانیی زانایانی ئایینی و دەستڕۆیشتووانی ئایینی لە بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی کچان و دەرکردنی فتوای شەرعی لە سەر بنەمای ناشەرعیەتی و زیانبەخشبوونی خەتەنەی کچان و ژنان، بەرنامەڕێژی کردەیی بە مەبەستی سوودبینین لە میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری بەرەنگار بوونەوەی خەتەنەی ئافرەتان و بەرزکردنەوەی ئاستی وشیارییە تەندروستی و دەروونناسییەکان، بەهێزکردنی ئێنجیۆ و ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان لە پێناو بەستێنسازیی کەلتووریی و زانیاریبەخشی لە بواری خەتەنەی کچان.

وشە کلیلییەکان: تونوتیژی دژ بە ژنان، خەتەنەی کچان، باوەڕە کەلتوورییەکان، ئایین

---

[1]- **خەڵکناس و لێکۆڵەر**
kameel14@hotmail.com
http://kameelahmady.com

پێشەکی

بە گوێرەی کۆنوانسیۆنەکان و یاسای مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەکان، خەتەنەی کچان یان بڕینی کۆئەندامی زاوزێی ژنان[1] نەریتێکی کۆنە کە هەندێ لە لایەنە بنەڕەتییەکانی مافە سێکسییەکانی ژنان و منداڵان پێشێل دەکات. بە گوێرەی پێناسەی ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی[2] (1997) خەتەنەی ئافرەتان بریتییە لە هەموو ئەو شێوازانەی کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن یان بڕینی هەموو یان بەشێک لە کۆئەندامی زاوزێی ژنان بە پێی ئامانجی کەلتووریی یان هۆکارەکانی دیکە کە ناپزیشکین (تیلور[3]، 2003) لە پێناسەیەکی دیکەدا بڕینی ئەندامی زاوزێی ژنان، بریتییە لە هەموو شێوازەکانی بڕینی کەم یان هەموو بەشی دەرەکی کۆئەندامی زاوزێی ژنان بە بێ هۆکاری پزیشکی (جێنێت[4] و هاوکاران، 2009).

ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی لە دابەشکارییەکدا، خەتەنەی کچانی لە چوار جۆر، پۆلێنبەندی کردووە. جۆری یەکەم بڕینی هەموو یان کەمی بەلووکەیە (کلیتۆریدکتۆمی)، جۆری دووەم بڕینی هەموو یان کەمی بەلووکە و لچە بچووکەکانی شەرمگە، لەگەڵ یان بە بێ بڕینی لچە گەورەکانی شەرمگەیە، جۆری سێیەم کە پێی دەڵێن جۆری فێرعەونی، هەر چەشنە تەنگکردنەوەی بۆریچەی کۆئەندامی زاوزێ بە دروستکردنی مۆر و مۆمی داپۆشەر بە قرتاندن و گۆڕینی شوێنی لچە بچوکەکانی شەرمگە و یان لچە گەورەکانی شەرمگە، لەگەڵ یان بە بێ بڕینی بەلووکەیە (کلیتۆریس) و جۆری چوارەم ئەنجامدانی هەر چەشنە کردەوەیەکی مەترسیدار لە سەر کۆئەندامی زاوزێی ژنان بۆ مەبەستێکی ناپزیشکی. وەکوو کونکردن، دەرزی لێدان، هەڵقڵیشاندن و هتد. لەم چەشنە خەتەنەدا هیچ چەشنە شانە و پێکهاتەیەک نابڕدرێت. زیاتر خەتەنە لە لایەن ژنانی بەساڵاچوو، ماماکان و تەنانەت ئارایشتکاران ئەنجام دەدرێت. (منیرو[5] و هەمکاران،2000؛ ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستیی، 2008).

خەتەنەکردنی کچان لێکەوتەی نەخوازراوی لە سەر تەندروستیی جەستەیی و دەروونی کچان هەیە؛ ئەم کردەوە هەندێ جار قوربانییەکان خۆی دەکووژێ و هەندێ جار هەتا دواساتی تەمەن دەرکەوتەکانی بەرۆکیان دەگرێت. بەو پێیەی کە خەتەنەی کچان بە بێ بێهۆش کردن و بە بێ ڕەزامەندیی ئەوان ئەنجام دەدرێ زۆر ئێش و ئازاری هەیە. ئەم کردەوە زیاتر لە ژینگەیەکی ناتەندروست لە ئەو سەر کچۆڵانە ئەنجام دەدرێ کە تەمەنیان زیاتر لە نێوان 4 بۆ 12 ساڵانە. ئەم کردەوە زیاتر لە لایەن خەتەنەچییە نەریتییەکانەوە ئەنجام

---

[1] - **Female genital mutilation or Female genital cutting (FGM)**
[2] - **WHO**
[3] - **Taylor**
[4] - **Getnet**
[5] . **Meniro**

دەدرێت. زۆربەیان ئافرەتانێکن کە هیچ چەشنە ڕاهێنانێکی پزیشکییان لەم بارەوە نەبینیوە و تاکە پشتیوانیان بۆ ئەم ئیشە ئەو ئەزموونەیە وا لە ماوەی چەند ساڵ وەدەستیان هێناوە. ئەوان بۆ بڕین کەڵک لە کەرەسەی وەک تیغی ڕیشتاشین، مقەست یان چەقۆ وەردەگرن و پاش نەشتەرگەریش شوێنی برینەکە بە پەت و هەندێ جار بە سیم دەدوورنەوە. ئەم کردەوە نە تەنیا هیچ چەشنە پاساوێکی پزیشکی نییە، بەڵکوو بە پێی جۆر و ڕێژەکەی، زیان بە هەندێ لە کارکردە سەرەکییەکانی لەش دەگەیێنێت و لە درێژەی ژیاندا لێکەوتەی مەترسیداری بۆ سەر تەندروستیی جەستە و دەروونیان هەیە، بۆ وێنە دەتوانین ئاماژە بە ئازاری زۆر، هەوکردن، ئاسەواری خراپ لە سەر خستنەوەی منداڵ، دژواربوونی میز کردن، دژواربوونی کاری سێکسی، دابەزینی بەرچاوی چێژی سێکسی و خەسارەتی ڕۆحی و دەروونی بێژومار بکەین. خەتەنەی کچان لە وڵاتانی جۆراوجۆردا ئەنجام دەدرێ و ناتوانین بڵێین کە تایبەت بە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست یان ئەفریقا، یان تەنیا لە ناو موسڵمانان، جوولەکەکان یان مەسیحییەکاندا هەیە. خەتەنەی کچان لە ناو کۆمەڵگای موسڵمانانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و لە وڵاتانێکی وەکوو ئێران پێشینەیەکی دوور و درێژی هەیە و ئەم کردەوە لە ناوچەکانی باشوور و ڕۆژاوای وڵاتی ئێران باوە (ئەحمەدی[1]، 2016).

لە ئێران خەتەنەی کچان هێشتا نەبۆتە بابەتێکی باسبزوێنی گشتی و بە دەگمەن قسەی لە سەر دەکرێت. سەرەڕای ڕوونکردنەوەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی، خەتەنەی کچان لە ئێراندا هەم بەر لە هەوڵدان بۆ ئەوەی ئێران لە لیستی جیهانی ئەو وڵاتانەدا جێی ببێتەوە کە کچان خەتەنە دەکەن و هەمیش پاش ئەو، بابەتێکی شاراوە و نهێنییە. وەزارەتخانە پەیوەندیدارەکان لە دەوڵەتی ئێراندا نکۆڵی لە بوونی دەکەن یان دەیشارنەوە. لە زۆربەی حاڵەتەکاندا نوێنەرانی فەرمی یان کەسانی خۆجێیی حاشای لێ دەکەن، چوونکە خەتەنەی کچان پەیوەست بە ئەهلی سوننە دەزانن و ئاماده نین خۆ لە قەرەی بدەن. هەروەها، پرسی خەتەنەی کچان هەتا ئێستا نەیتوانیوە سەرنجی وەزارەتخانەکان یان دیکەی ناوەندە دەوڵەتی و ئێنجیئۆکانی وەکوو وزارەتی تەندروستی، ڕێکخراوی بێهزیستی یان زانکۆکان بەرەو لای خۆی ڕابکێشێت. کاری زانکۆیی و یان کاری کردەیی لەم بوارەدا زۆر سنووردارە و پەیوەستە بە قۆناغێکی زەمەنیی سنووردار و شوێنێکی تایبەت کە زیاتر ڕاپۆرتانە و لە چەشنی تێزی زانکۆیی بووە. ئاوڕ لێنەدانەوەی بەرپرسانی دەوڵەتی و ئەنجومەنە لێکۆڵینەوەیی و زانکۆییەکان بەم ڕاستییە نۆبژەییە کە هۆکاری پێشێلکردنی مافەکانی کچان و منداڵانە، لە هۆکارەکانی گرنگیدان و سەرنجی تایبەت بەم لێکۆڵینەوانەیە. نووسەر بە پێی لێکۆڵینەوە و توێزینەوەی و

[1]. **Ahmady.**

مەیدانی لەم بوارەدا[1] هەڵوەدای وڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەیە کە ڕێژەی پەرەسەندنی خەتەنەی کچان لە ئێران بە چ شێوەیەکە و چ فاکتەرگەلێک بۆتە هۆی بەردەوام بوونی ئەم داپەڕە دژە مافە مرۆییە و لە کۆتاییدا چ ڕێکارگەلێک بۆ بەرەنگاربوونەوە لە دژی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە بوونی هەیە.

ئەدەبیاتی لێکۆڵینەوە

سەرچاوەی مێژوویی خەتەنەی کچان ڕوون نییە. تۆێژەران ئاخێزگەی جوگرافیایی ئەم کردەوە دەگەڕێننەوە بۆ دەوروبەری ڕووباری نیل لە میسری کۆن کە بە مەبەستی ڕێگری لە دووگیانبوونی ژنان بەتایبەت کۆیلەکان بە کار دەهێنرا و مێژووەکەشی دەبەنەوە بۆ 2 هەزار ساڵ بەر لە ئێستا. شارستانییەتەکانی ڕۆما و عەرەب ئەم کردەوە گرێ دەدەنەوە بە پاکداوێنی و پەردەی کچێتی. جیا لە سەرچاوەی مێژوویی خەتەنە، ئەم کردەوە لە سەردەمی هاوچەرخیشدا لە ناو وڵاتانی جۆراوجۆردا بەدی دەکرێت. بە پێی ڕاپۆرتی یوونیسێف، خەتەنەی کچان لە سەر ئاستی 29 وڵات لە کیشوەری ئەفریقا، هەندێ لە وڵاتانی کیشوەری ئاسیا و خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و هەروەها لە ناو هەندێ لە گرووپە پەنابەرەکانی دانیشتووی ئەمریکای باکووری، ئوستڕالیا، خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و ئوروپا باوە. ڕاپۆرتەکانی ئەم دواییەی یوونیسێف گوزارشتن لەوەی کە ئەوڕۆکە نزیکەی 130 ملوێن کچ و ژن لە سەرتاسەری دنیادا دەژین کە قوربانی یەکێک لە جۆرەکانی خەتەنەی کچانن و ساڵانە نزیکەی دوو ملوێن کچ بەم ڕێژە زیاد دەبێت (یوونیسێف، 2014). بۆچییەتی خەتەنە بە تەواوەتی وابەستە بەو کۆمەڵگایانەیە کە ئەم کردەوەی تێدا باوە. لەم کۆمەڵگایانەدا بە مەبەستی پاکانەکردن بۆ بڕینی بەشێک لە لەشی کچان هەموو جۆرە هۆکارێک هەیە. ئەم پاکانانە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ مێژوو و ئایدۆلۆژیای ئەم کۆمەڵگایانە هەیە و هەندێکیان لە سەر بنەمای نایەکسانییە ڕەگەزێتییەکان و کۆنترۆڵکردنی ئارەزووە سێکسییەکانی ژنان بێچمیان گرتووە. خاوەن تیۆرییەکان، کۆنترۆڵی ئارەزووی سێکسی ژنان لە کۆمەڵگا پیاوسالارییەکان بە ئەنگێزەی سەرەکی خەتەنەکردنی کچان دەزانن. لە هەندێ لە حاڵەتەکاندا وەک ڕێوڕەسمی چوونە ناو تافی گەورەساڵی و چوونە پاڵ ژنانی پێگەیشتوو لێی دەڕوانن. ئەم

1- نووسەر لە کاتی خوێندن لە وڵاتی ئینگلتەرا هاریکاری هەندێ ڕێکخراوە نادەوڵەتییە مرۆڤ دۆستەکان و پڕۆژە ناسراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوەکان لە ئەفریقا کردووە و لەم ڕێگەوە لە پڕۆژە و داپەڕە جۆراوجۆرەکانی یوونیسێف لە ڕێکخراوی نەتەوەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی کچان لە وڵاتانێکی وەکوو سۆمالی، کنیا، سوودان و میسر ئاگادار بوو. هەروەها هاوسەرگیریی کاتی بە پێی بیرەوەرییەکانی تافی منداڵی لە بارەی خەتەنەی ژنان، لە شوێنی ژیانی سەردەمی منداڵی، پاش گەڕانەوە بۆ ئێران، فیلمی دێکۆمێنتاری ئێتنۆگرافانە لە ژێر ناوی "بە ناوی نەریت" ئامادە کرد. پاش تۆێژینەوەی گشتگیر سەبارەت بەم دیاردە هەستا بە نووسینی "بە ناوی نەریت، تۆێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران" و وتاری تۆێژێژینەوەیی سەبارەت بەم بابەتەی چاپ کردووە. بەرهەمەکانی نووسەر لە ماڵپەڕی تایبەتی خۆی دەست دەکەوێت. http://kameelahmady.com

کردەوە بە هۆی باوەڕی کەلتووریی و ئایینی ئەنجام دەدرێ و تاکەکان بۆ ئەم کردەوە ناچار دەکا کە گرینگترینەکەیان بریتییە لە: پاکداوێنی و پاراستنی پەردەی کچێتی، پاراستنی حەیا و ئابڕووی بنەماڵە، ملکەجێتی بۆ فەرمانە ئایینییەکان، تەندروستی و جوانی و ئەنگێزە ئابووریيەکانی هاوسەرگیری بۆ وێنە وەرگرتنی شیربایی (لیندورفر[1]، 2007). ئەو باوەڕە هەیە کە ئەو کچانەی کە خەتەنە دەکرێن ئەوە لە تافی منداڵییەوە گوازراونەتەوە بۆ تافی گەورەسااڵی. هەر بەم پێیە ئەوان زووتر هاوسەرگیری دەکەن. ئەو منداڵانەی کە هێشتا گەورە نەبوون لە دەوری منداڵ‌هاوسەردا دەکەونە بەر خەسارەتە جەستەیی و دەروونییە ڕوو لە هەڵکشانەکان (ئەحمەدی، 1395)[2]. خەتەنەی کچان نەریتێکی دێرینە کە بەر لە ئیسلام یان مەسیحییەت باو بووە. سەرەڕای هەموو ئەمانە زۆرێک لە گوتارەکان خەتەنەی ئافرەتان پەیوەست دەکەنەوە بە ئایین و بە یەکێک لە پێویستییەکانی ئایینی ئیسلامی دەزانن. ڕاستە خەتەنەی ئافرەتان لە ناو کۆمەڵگەی موسڵمان باوە، بەڵام دەبێ جەخت بکەمەوە کە نە لە کتێبی پیرۆز و قورئان باسی خەتەنەی مێینە هاتووە و نە لە هیچ یەک لە دەقە پڕبایەخەکانی مەسیحی و ئیسلامی (روزی[3]، 2013) ئاماژەی پێ کراو.

لە هەندێ لە ناوچەکانی ئێران کە خەتەنەی کچان ئەنجام دەدرێ، ئایین و نەریت فاکتەری سەرەکی پشتیوانی لەم دیاردەن. شایەنی ئاماژەیە کە لە ناو زۆربەی موسڵمانانداا خەتەنەی کچان ئەنجام نادرێت. بەڵام هەندێ لە ئایینزا ئیسلامییەکانی وەکوو شافێعی مەزهەبەکان لە ئێران ئەم دیاردە وەکو کردەوەیەکی شەرعی لە قەڵەم دەدن. بەر لە گشتگیربوونی ئیسلام لە نیمچە دووڕگەی عەرەبستان، ئەم نەریتە لە ناو عەرەبەکاندا باو بووە. کەواتە بەر لە ئیسلام خەتەنەی کچان باو بووە و بێگومان حەزرەتی محەمەد پرسی خەتەنەی کچانی نەهێناوەتە ئاراوە. ڕا و بۆچوونی شافێعی مەزهەبەکان بۆ شەرعی و سونەت بوونی خەتەنەی کچان، گێڕانەوەیەکە لە کتێبی سنن ابوداود[4] کە لە فەرموودە لاوازەکانە.[5] و ئەوان بە پشتبەستن بەم گێڕانەوە کە متمانە پێکراویش

---

[1] . Lindorfer

[2]- نووسەر لە کاتی لێکۆڵینەوە و بەڵگەکانی خۆی لە بارەی خەتەنەی کچان بەم ئەنجامە گەیشت کە خەتەنە یەکێک لە فاکتەرە کاریگەرەکانی هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵانە. بەم پێیە توێژینەوەکانی دواتری خۆی لە بواری هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران ئەنجام دا. ئەم توێژینەوە بە شێوەی کتێبێک لە ژێر ناوی "زایەڵەی بێدەنگی: توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران". بە زمانەکانی ئینگلیزی و فارسی و کوردی بڵاو بۆتەوە:

Ahmady, K(2017). An Echo of Silence: A Comprehensive Research Study on Early Child Marriage in Iran. Nova publishing. www.novapublishers.com/catalog/product_info.php?products_id=62825

[3] . Rouzi

4 . کتێبی السنن لە نووسینی ئەبووداود سلیمان کوڕی ئەشعەس کوڕی ئەسحاق کوڕی بەشیر ئەزدی (یان ئەسەدی) سێجستانی (202- 275 ک) کە بە ناوی سنن «ئەبی داود سەجستانی» ناوی دەرکردووە. ئەم کتێبە یەکێکە لە صحاح ستەکان و لە سەرچاوە فەرموودە زۆر گرنگەکانی ئەهلی سوننە لە بواری باوەڕ، مێژووی ڕەوتش، ئەخلاق و فیقهە.

[5]- ئافرەتێک لە ئافرەتانی مەدینە خەتەنەی دەکرد، پێغەمبەر سڵاو و درووی خوای لە سەر بێ هۆشداری پێدا "هەر کات ژنێکت خەتەنە کرد وریا بە لە بڕیندا زێدەڕۆیی نەنوێنی، چوونکە ئەمە (زێدەڕۆیی نەکردن) هەم بۆ ژن و هەمیش بۆ مێرد دڵخوازترە

نییە ئەم داپەڕە ئەنجام دەدەن. سەید سابق زانای بە ناوبانگ و نووسەری "فقه السنه" لەو باوەڕەدایە کە هەموو ئەو فەرموودانەی کە پەیوەستن بە خەتەنەی کچانەوە بێبایەخن و متمانە پێکراو نین. (ئەحمەدی، 2016). سەبارەت بەم پرسە باس زۆرە و زۆرێک لە زانایانی ئیسلامی هۆکار و بەڵگەیان بۆ ئیدانە و ناشیرینکردنی خەتەنەی کچان خستۆتە ڕوو. لە ساڵی 2006، لە زانکۆی ئەلئەزهەری قاهیرە لە وڵاتی میسر کۆنفرانسێک بەڕێوە چوو کە زۆرێک لە زانایانی ناسراوی ئایینی تێیدا بەشدار بوون. لەم کۆنفرانسەدا فتوایەک دەرچوو کە خەتەنەی کچان دەبێ قەدەغە بکرێ چوونکە کردەوەیەکی نائیسلامییە. پڕۆفیسۆر عەلی جومعە، موفتی مەزنی میسر لە کۆنفرانسدا فتوای دەرکرد و وتی: "خەتەنەی کچان چ لە ڕووی دەروونی و چ لە ڕووی جەستەییەوە زیان بە ئافرەتان دەگەیێنێت. بۆ پشتیوانی لە باڵاترین بەها ئیسلامییەکان، کە هەمان زیان نەگەیاندن بە دیترانە بە گوێرەی پێغەمبەری ئیسلام[1]، زەرەر و زیان گەیاندن بە خۆ و دیتران ڕێگە پێدراو نییە و دەبێ خەتەنەی ژنان نەمێنێت. ئەو کات ئەم کردەوە دەتوانین وەک پێشێلکردنی مرۆڤایەتی کە شیاوی سزادانە سەیری بکەین." کەواتە دەتوانین بەڵگە بێنینەوە کە ئەم دیاردە نە پاڵپشتیی ئایینیی متمانەپێکراوی هەیە و نە لە سۆنگەی مافەکانی مرۆڤەوە داکۆکی لە سەر کراوە. خەتەنەی کچان لەم ساڵانەی دوایدا ڕەوتی ڕوو لە داکشانی بە خۆوە بینیوە. هەڵکشاندنی ئاستی وشیاری و ئاشنابوون لەگەڵ دنیای مۆدێرن گۆڕانێکی زۆری لە ڕوانگەی خەڵک سەبارەت بە خەتەنەی کچان بەدی هێناوە و ڕفتاری ئەوانی زۆر گۆڕیوە. ڕێکخراوە چالاکەکان لە بوارەکانی مافەکانی مرۆڤ و گەشەی جیهانی، خەتەنەی کچان بە نموونەیەک لە تووندوتیژی دژ بە منداڵان و کچان دەزانن. لە ماوەی دەیەی ڕابردووشدا هەم لە سەر ئاستی ناوچەیی و هەم لە سەر ئاستی جیهانی داپەڕی گرنگ لەم بوارەدا ئەنجام دراوە. لەگەڵ بە فەرمی ناسینی هێورانەی خەتەنەی کچان وەک پێشێلکەری مافەکانی مرۆڤ، کەمپەینێکی جیهانی بێچمی گرت کە ئامانجەکەی خستنە ڕوو و دابەزاندنی یاسا لە دژی ئەم کردەوە بوو. زۆرێک لە وڵاتان ئێستا بە واژۆکردنی هەندێ پەیماننامەی نێودەوڵەتی و ناوچەیی کە بێچمە جۆراوجۆرەکانی هەڵاواردن و تووندوتیژی لە خۆ دەگرن بوونەتە داکۆکاری مافەکانی ژنان و منداڵان. بۆ وێنە، لە کۆی 29 وڵاتی ئەفریقایی کە کچان خەتەنە دەکەن، نزیکەی 17 وڵات کۆمەڵێ یاسا لە خۆ دەگرن کە بە شێوەی تایبەت خەتەنەی کچان قەدەغە دەکەن.

زۆربەی وڵاتانی وەرگری پەنابەرانی ئەو وڵاتانەشی کە کچان خەتەنە دەکەن یاسای تایبەتیان بۆ خەتەنەی کچان داناوە. لە هەندێ لە وڵاتانی ئوروپایی وەک بریتانیا، سووید، نۆروێژ و بەلژیک کۆمەڵێ یاسای

1- **لاضرر و لاضرار فی الاسلام**

تایبەتیان داناوە کە بە پێی ئەم یاسایانە ئەم کارە بە تاوان دەناسرێت. لە حاڵێکدا، وڵاتانێکی دیکەی وەک فەرەنسە بە پێی هەندێ مادەی یاسایی گشتیتری یاسا سزادانەکان بە دواداچوون بۆ پرسی خەتەنەی کچان دەکات. لە ساڵی 2011 دەوڵەتی ئیسپانیا لە دژی ئەو بنەماڵە پەنابەرانەی وا کچەکانیان بە نیازی خەتەنە کردن دەبەن بۆ وڵاتانی دیکە، هەندێ هەڵمەتی دەست پێکرد. لە سەرەتاکانی 2015 پزیشکانی ئیسپانیا گەڵاڵەیەکیان پێشنیار دا کە بە پێی ئەو هەموو کچانی بنەماڵە پەنابەرەکان دەبێ پشکنیان بۆ بکرێ و بنەماڵەکانیان بەڵێننامەی ئەوە واژۆ بکەن کە کچەکانیان خەتەنە نەکەن (ئەحمەدی، 1394). بەڵام لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی نێوەڕاست بە هۆی لاوازی یاساکانی قەدەغەی خەتەنە، هەوڵ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم داپەڕە نەیتوانیوە بە ئەنجامێکی ئەرێنی بگات. ئەم بابەتە لە لایەن بەرپرسانەوە بە تەواوەتی پشتگوێ خراوە و لە لایەن ئەوانەوە نکۆڵی لێکراوە و دەڵێن بە هۆی سنووردار بوونی ئەم دیاردە هیچ داپەڕێک ئەنجام نادرێ و وتوویانە کە ناوەندی ئەم پرسانە لە کیشوەری ئەفریقا و وڵاتانی دیکەیە (دیمانەی سەرۆکی ئەنجومەنی زانستی یارمەتیدەرانی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هەواڵنێری جیهان‌نیووز، 1388). لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست خەتەنەی کچان بابەتێکە کە لە ڕیزبەندیی نهێنییەکان یان تابۆکاندایە و بە شێوەی فەرمی دان بە بوونی ئەم کردەوە دانانرێت. کەواتە پەسندکردن و جێبەجێکردنی یاسا لە دژی شتێک کە بوونی بە فەرمی ناناسرێ، بابەتێتی نییە. سەرەڕای هەموو ئەمانە، هەندێ لە دەوڵەتەکان لە دژی خەتەنەی کچان کۆمەڵێ داپەڕیان ئەنجام داوە.[1]

لە ئێراندا بە هۆی نەبوونی پشتیوانیی دەوڵەتی و نەبوونی گرووپی نادەوڵەتی سیستماتیک بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی کچان لەوەش ئەستەمترە. لە یاساکانی ئێران بە شێوەی دیاریکراو ئاماژە بە خەتەنەی کچان نەکراوە. یاساکانی ئێران لە هەمبەر خەتەنە پشتیوانی لە ئافرەتان ناکات. هیچ چەشنە یاسایەک بۆ سزادانی خەتەنە دیاری نەکراوە بەڵام لە ناو هەندێ لە یاساکاندا دەتوانین بە شێوەی یاسایی بە دواداچوون بۆ بڕینی ئەندامانی لەش بکەین و سزای بۆ دیاری بکەین و دەتوانین ئاماژە بکەین بە جارنامەی ماف و بەرپرسایەتییەکانی ئافرەتان کە بریتییە لە مافی ژیان، یەکپارچەیی جەستەیی، پشتیوانی لە ژنان لە هەمبەر قوربانی بوون، مافی تەندروستیی زەینی و جەستەیی و پشتیوانی لە ژنان لە هەمبەر تووندوتیژی خێزانی. سەرەڕای هەر هەموو ئەمانە بەو پێیەی کە زۆرینەی ئەم یاسایانە پرش و بڵاوانە جێبەجێ دەبێ، ئەستەمە حاڵەتێک شک ببەین کە سکاڵای قوربانیانی خەتەنە لە دادگا بە ئەنجام گەیشتبێت (علوی[2]، 2015).

---

[1]- **حکوومەتی خۆبەڕێوەبەری هەرێمی کوردستان بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی کچان یاسایەکی پەسند کردووە.**

[2] **.Alawi**

ڕوانگەی ئیسلام سەبارەت بە خەتەنەی ژنان

1. ڕوانگەی فیقهی ئیمامییه

1 – 1 – باسی ڕیوایی

ئەوەی لە گێڕانەوە سەحیحەکاندا دەردەکەوێ ئەوەیە کە خەتەنەی ژنان بە پێچەوانەی خەتەنەی پیاوان واجب نییە. لە ژێرەوە ئاماژە بە دوو جۆر لەم گێڕانەوانە (صحیحە) دەکەین:

لە ئوسوولی کافی بەرگی 6 کتێبی النکاح باب العقیقه هاتووه:

1. محمد بن یحیی عن احمد بن محمد عن محبوب عن ابن رئاب عن ابی بصیر قال سالت ابا جعفر عن الجاریه تسبی من ارض الشرک فتسلم فتصلب لها من یخفضها فلانقدر علی امراه فقال: اما السنة فی الختان علی الرجال و لیس علی النساء (برزگر بفروی، ب 1، 1382 : 853)

وەرگێڕان: محەمەد کوڕی یەحیا لە ئەحمەد کوڕی مەحبووب لە کوڕی ڕووئاب لە ئەبی نەسیر لە ئیمام باقر سەبارەت بە کەنیزێک لە وڵاتی هاوەڵدانەران بە دیلێتی گیرا بوو و ببوو بە موسڵمان. پرسیارم لێکرد. بۆ کەسێک دەگەڕاین کە خەتەنەی بکا بەڵام کەسمان نەدۆزییەوە. ئیمام لە وڵامدا وتی خەتەنە بۆ پیاوە و لە سەر ئافرەتان واجب نییە.

2. محمدبن یحیی عن احمد بن محمد بن عیسی عن محمد بن عیسی عن عبدالله بن سنان عن ابی عبدالله قال: ختان الغلام من السنه و خفض الجواری لیس من السنه» (هەمان).

وەرگێڕان: محەمەد کوڕی یەحیا لە ئەحمەد کوڕی محەمەد کوڕی عیسا لە محەمەد کوڕی عیسا لە عەبدوڵای کوڕی سەنان لە ئیمام سادقیان کە فەرموویەتی: خەتەنەی کوڕ سونەتە و خەتەنەی کچ سونەت نییە.

لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا لە ئوسوولی کافی کە دەتوانین بە ڕوانگەی ڕیجالیی سەختگیرانە ڕەخنە لە بەڵگەکەی بگرین و بە لاوازی بزانین، بەڵام بە پێی بنەمای ڕیجالییە، هاتووه: "عده من اصحابنا عن سهل بن زیاد عن علی بن اسباط عن خلف بن حماد عن عمرو بن ثابت عن ابی عبدالله قال کانت امراه یقال لها ام طبیه تخفض الجواری فدعاها رسول الله فقال لها یا ام طبیه اذا انت خفضت امراه فاشمی و لاتجفی فانه اصفی للون و احظی عندالبعل" (هەمان).

وەرگێڕان: "کۆمەڵێ لە هەواڵان لە سەهل کوڕی زیاد لە عەلی کوڕی ئیسبات لە خەلەفی کوڕی حیماد لە عەمرۆی کوڕی سابت لە ئیمام سادق دەگێڕنەوە کم فەرمووی: ئافرەتێک بە ناوی ئوممە تەیبە کچانی خەتەنە دەکرد و پێغەمبەر بانگی کرد و پێی فەرموو ئوممە تەیبە کاتێ ژنان خەتەنە دەکەی کەمێکی ببڕە و هەمووی مەبڕە ئەم کارە ڕووخسار دەگەشێنێتەوە و بۆ مێردیش چێژبەخشترە."

لە کتێبی تهذیب الاحکام بەرگی 7 کتێبی نیکاح، کۆمەڵێ گێڕانەوە لە بارەی ژنان هاتووه کە بەم شرۆڤەیە:

1. «عنه عن علی بن ابراهیم عن ابیه عن هارون بن مسلم عن مسعده بن صدقه عن ابی عبدالله قال: خفض الجواری مکرمه و لیست من السنه و لاشیئا واجباً وای شی افضل من المکرمه» (برزگر بفرویی، ب 2، 1382: 2162)

وەرگێڕان: لە عەلی کوڕی ئیبراهیم لە باوکی لە هاڕوونی کوڕی موسلیم لە مەسعەدەی کوڕی سەدەقە لە ئیمام سادق هاتووە کە فەرمووی: خەتەنەی ژنان مەکرەمەتە بەڵام سونەت و نەریت نییە و واجب نییە. بەڵام شتێکی چاکتر لە مەکرەمەتە.

2. "و عنه عن عده من اصحابنا عن احمد بن محمد بن ابی نصر عن هارون بن لجهم عن محمدبن مسلم عن ابی عبدالله قال: لما هاجرت النساء الی رسول الله هاجرت فیهن امراه یقال لها ام حبیب و کانت خافضه تخفض الجواری فلما راها رسول الله قال لها یا ام حبیب العمل الذی کان فی یدک هوفی یدک الیوم قالت نعم یا رسول الله الا ان یکون حراماً فتنهانی عنه قال لا، بل حلال فادنی منی حتی اعلمک قال فدنت منه قال یا ام حبیب اذا انت فعلت فلاتنهکی ای لاتستاصلی واشمی فانه اشرق للوجه واحظی عندالزوج" (هەمان).

وەرگێڕان: "کۆمەڵێ لە هەواڵان لە ئەحمەد کوڕی محەمەد کوڕی ئەبی نەسیر لە هاڕوون کوڕی ئەلەهجم لە محەمەد کوڕی موسلیم لە ئیمام سادق کە فەرمووی: کاتێ ژنان لەگەڵ پێغەمبەر کۆچیان کرد لە ناویاندا ئافرەتێک بوو کە پێیان دەوت ئوممە حەبیب خەتەنەچییەک کە ئافرەتانی خەتەنە دەکرد کاتێک کە نێردراوی خودا پێی وت: ئەی ئوممە حەبیب هێشتا خەریکی ئەو کارەی کە لە ڕابردوودا ئەنجامت دەدا، وڵامی داوە بەڵێ ئەی نێردراوی خودا، مەگەر ئەوەی حەرام بێ و ئێزنم پێ نەدەی. پێغەمبەر وتی نا، بەڵکوو حەڵاڵە؛ وەرە پێشترەوە با فێرت بکەم. وتم چوومە نزیکترەوە. ئینجا پێغەمبەر فەرمووی: ئەی ئوممە حەبیب کاتێ ئەم کارە دەکەی زەێدەڕۆیی مەنوێنە؛ واتە هەتا کۆتایی مەیبڕە و کەمێکی هەڵگرە کە ئەمە ڕووخسار ڕوون دەکاتەوە و بۆ مێرد چێژبەخشترە."

لە کتێبی من لایحضر الفقیه بەرگی 3 باب العقیقه لە شێخ سدووقیش هاتووە: "و روی غیاث بن ابراهیم عن جعفر بن محمد عن ابیه قال، قال علی: لاباس ان لا تختتن المراه فاما الرجل فلابد منه» (هەمان، ج 1: 1446)."

وەرگێڕان: غەیاس کوڕی ئیبراهیم لە ئیمام سادق کە ئیمام باقر دەگێڕنەوە کە عەلی فەرموویانە: کێشە نییە ئافرەت خەتەنە نەکرێ بەڵام پیاو دەبێ خەتەنە بکات.

ئەوەی لە گێڕانەوەکای سەرەوە دەردەکەوێ ئەوەیە کە یەکەم ئەوەی کە خەتەنەی ژنان کردەوەیەکی حەرام نییە. دووهەم، واجب نییە. سێیەم ئەوەی کە بۆ ژنان مەکرەمەیە و وەک هاتووە مەکرەمەت زانینی خەتەنەی کچانە، لە ڕوانگەی زۆربەی فەقێیان ڕابردوو بە موستەحەب زانراوە. بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە کەلامی فەقێکان لەم بارەوە دێنینە بەر تیشکی لێکدانەوە.

2 – 1 – بۆچوونی فەقێکان

1 – 2 – 1 – فەقێیان ڕابردوو

موحیق حیلی دەفەرموویێ: "و الختان واجب و خفض الجواری مستحب"

وەرگێڕان: خەتەنەی کوڕان واجبە و خەتەنەی کچان موستەحەبە. (ب 1-2، 1386، 666).

عەلامە حیلی دەفەرموویێ: " و خفض الجواری مستحب ...." (1374 : 559)

شەهیدی یەکەم دەفەرموویێ: "و یستحب خفض النساء و ان بلغن": (ب 1، 1389: 93)

شەهیدی دووەەم: "و یستحب خفض النساء و ان بلغن ، قال الصادق (ع) خفض النساء مکرمه وای شی افضل من المکرمه" (ب 1، 1389: 340)"

عەلامە مەجلیسیش خەتەنەی ژنان بە موستەحەب دەزانێت. (ب 1، 1389: 106)

ساحێب جەواهێر لە بارەی خەتەنەی ژنان سەبارەت بە موستەحەب بوونی بە کۆدەنگی ڕازی بووە و گێڕانەوە سەبارەت بەم بابەتە بە قازانجدار و بێپسانەوە زانیوە. "اما فی الاناث المعبر عنه فی کلام الاصحاب بخفض الجواری فمستحب بلاخلاف، بل الاجماع بقسیمه علیه، و لنصوص مستفیضه فیه او متواتره ...." (ب 31، 1386: 262)

بە ئاوڕدانەوە لە بابەتەکانی سەرەوە دەردەکەوێ کە پرسی خەتەنەی ژنان پێشتر لای فەقێیان ڕابردوو بە شێوەی کۆدەنگ بە موستەحەب زانراوە.

2 – 2 – 1 – فەقێیانی هاوچەرخ

ئایەتوڵای خۆیی

ئایەتوڵا ئەبووەلقاسم خۆیی لە منهاج الصالحین دەفەرموویێ: موستەحەبە کچیش خەتەنە بکرێ، ئەگەرچی باڵقیش بێ و باشتر وایە کچ لە تەمەنی هەوت ساڵاندا خەتەنە بکرێت (فەلاح زادە، 1383: 13).

ئایەتوڵا مەکارم شیرازی

خەتەنەکردنی کچان و ژنان لای زانایانی شێعە بە کۆدەنگی و هاودەنگی واجب نییە؛ بەڵام فەرمانی موستەحەب بوونیان داوە. سەبارەت بە شێوازەکەی لە گێڕانەوەکاندا جەختی لە سەر کراوە کە ئەو ئەندامە تایبەتە لە بنەوە نەقرتێنرێ، بەڵکوو تەنیا بەشی سەرەوەی ببڕدرێ؛ بۆ ڕوونکردنەوە ئەوەی کە لە سەر شەرمگە پاچە گۆشتێکی بچووک هەیە کە ئەوە خەتەنە بکرێت. لە ئێستاشدا لە جیهانی ئیسلامدا ئەمە ڕەچاو ناکرێ؛ چوونکە بە هاودەنگی زانایانی شێعە لە واجبات نییە و پێویست ناکا داپەڕێکی لەو چەشنە ئەنجام بدرێت (ب 2، 1387: 357).

ئایەتوڵا سانعی

خەتەنەی کچان، موستەحەب نییە و نابێت. و بابەتێکی ئاپۆڕەیی و خواستی خەڵک لە زەمەن و شوێنەکانە و ئامانجەکەشی پاکی و جوانی و کەرامەت لای مێردە. تەنانەت لە ڕووی فیقهی و فەرمانی بەرزبوونی، لە

خۆیدا شیاوی سەلمان بێ، ئەگەر ببێتە هۆی دەرکەوتنی نەشیاویی تاکایەتی و کۆمەڵایەتی و زیان و هەروەها هۆکار و سوودێکی بۆ نەبێ، و ... چ بگا بە هەموویان، لەبەر ئەو بابەتانە و ئەو هەلومەرجە دەبێ لەم کاتانەدا حەرام بکرێ و مۆڵەتی پێ نەدرێت. (بەرگی 2، 1384)

ئایەتوڵا محەمەد حسێن فەزوڵا

خەتەنەی ژنان چێکراو و دروستکراوی ئایینی ئیسلام نییە و سونەت و موستەحەب نییە. بەڵکوو ئیسلام وەک بابەتێکی پەسندکراوی کۆمەڵایەتی لە قەڵەمی داوە کە دەتوانین وەک داب و نەریتی ئەوان کاتی (جاهیلی) بیهێنینە هەژمار. لە درێژەدا ئایەتوڵا فەزوڵا گێڕانەوەیەکی پەیوەست بە ئوممە تەیبە کە پێشتر باسمان کرد دێنێتە بەر باس و دەفەرموێ: پێغەمبەر) تاوتوێ کردنی بابەتی خەتەنە بە موباح نەدەزانی، بەڵکوو جۆرێک بێزاری تێدا بەدی دەکرد. تەنانەت لە فەرموودەی (فلا تنهكي ولاتستاصلي) دەتوانین حەرامبوونی شەرعی خەتەنە بەدی بکەین. چوونکە بنەماییەکان پێیان وایە ڕەواڵەتی ئیزن نەدان هەمان حەرامبوونە، مەگەر ئەوەی کە هۆکارێک بۆ نەبوونی هەبێت. (ماڵپەڕی زانیاریبەخشی ئایەتوڵا محەمەد حسێن فەزوڵا www.bayynat.ir)

2. فیقهی گشتی

لای زانایانی بەناوبانگی ئەهلی سوونەش خەتەنەی ژنان و کچان ناواجبە. ئیبنی قودامە لە مغنی جەختی کردۆتەوە کە وتەی زۆرینەی ئەهلی زانست ناواجب بوونە (ئیبنی قودامە، بەرگی 1: 70). لە کتێبە گشتییە فەرمودەکاندا لە مەسنەدی ئەحمەد حەنبەلیش ناواجبی سەبارەت بە خەتەنەی ئافرەتان بەم شرۆڤە گێڕدراوەتەوە: "حدثنا عبداله حدثني ابي ثنا سريج ثنا عباد يعني ابن العوام عن الحجاج عن ابي المليح بن اسامه عن ابيه ان النبي صلي الله عليه وسلم قال: الختان سنه للرجال مكرمه للنساء" (احمد حنبل، ب 5: 75). لە گێڕانەوەیەکی دیکەدا وا هاتووە: " ما اخبرنا ابوالقاسم الشحامي انا ابوسعد محمد بن عبدالرحمان انا ابو احمد محمد بن محمد بن احمد بن اسحاق الحافظ انا ابوالليث سلم بن معاذ التميمي بدمشق نا علي بن حرب نا ابن فضيل عن الحجاج بن ارطاه عن ابي المليح عن شداد بن اوس قال قال نبي الختان سنه للرجال مكرمه للنساء» (ناسراو بە ابن عساکر، ب 22 : 156)."

لە فیقهی شافێعی ناودار، خەتەنەی ژنان واجبە. لە مغنی المحتاج هاتووە: "ويجب الختان المراه بجزء اي قطعه من اللحمه الكائنه باعلي الفرج وهي فوق ثقبه البول تشبه عرف الديل فاذا قطعت بقي اصلها كالنواه، ويكفي قطع مايقع عليه الاسم" (ئەلشربینی، ب 4: 202).

لە کتێبی اعانه الطالبین لە نووسینی سەید البکری لە فەقێیانی شافێعیش هاتووه "لخر ابي داوود وغيره انه قال: للختانه اشمي ولاتنهكي فانه احظي للمراه واحب للبعل. اي لزياده في لذه جماع و في رواية اسرى للوجه اي اكثر لمائه و دمه" (ئەلبەکری، ب 4: 175).

دکتۆر یووسف قەرزاوی لە موفتیانی ئەهلی سوننە لە کتێبی ڕوانگە فیقهییەکانی هاوچەرخدا (ب 1، 1380) لە وڵامی ئەم پرسیارەدا کە: فەرمانی ئیسلام لە بارەی خەتەنە کردنی کچان چیە؟ دەڵێ: سەبارەت بەم بابەتە لە ناو زانایا و پزیشکاندا ڕا و بۆچوونی جیاواز هەیە و ساڵانێکە کە باس و ناکۆکی سەبارەت بەم بابەتە لە میسر لە ئارادایە. هەندێ لە پزیشکان داکۆکی لە سەر دەکەن و هەندێ دژین و هەندێ لە زانایانی ئیسلامی داکۆکی لە سەر دەکەن و هەندێ دژین. مامناوەندترین و نزیکترین وتەکان لە حەقیقەت، هەمان خەتەنەی سووکە، وەک لە هەندێ لە فەرموودەکانیشدا – تەنانەت ئەگەر نەگەیشتبێتنە ئاستی سەحیح – لەم بارەوە هاتووە کە اشمی و لا تنهکی فانه انضر للوجه و احظی عند الزوج: "پێغەمبەر بە ئافرەتێک کە دەیویست ئەم کارە بکا فەرمووی: خەتەنە لە ڕێژەیەکی کەمدا ئەنجام بدە کە دەبێتە هۆی جوانی ڕووخسار و چێژ بردنی مێرد." هەروەها وڵاتانی ئیسلامی لە بارەی ئەم بابەتە لەگەڵ یەکتر ناکۆکن، هەندێ خەتەنە ئەنجام دەدەن و هەندێ ئەنجامی نادەن، بە کورتی ئەوەی خەتەنە بە شیاوی کچەکانی دەزانێ، ئەنجامی دەدا. منیش لەم سەردەمەدا داکۆکی لە سەر ئەم تیۆرییە دەکەم و هەر کەس نەیکا، گوناهبار نییە؛ چوونکە لە چاکە و مکارمەکانی ژن نییە. (ل 552)

شێوازی لێکۆڵینەوە


شێوازی لێکۆڵینەوە پێناسەیی – ئەندازەیی و لە سەر ئاستی کەلان و بە پێی شێوازی کۆ کردنەوەی داتا، لێکۆڵینەوە لە چەشنی چۆنایەتی و چەندایەتی بوو. شێوازی کۆ کردنەوە بە شێوەی مەیدانی، و ئامرازی کۆ کردنەوەی داتا پرسیارنامە بوو کە بە پێی پرسیارنامەی ستانداردی ڕێکخراوی نەتەوەکان، ئامادە کرا بوو. تەکنیکی لێکۆڵینەوە هاوبەشانە و بە شێوەی دیمانە بوو. مەودای زەمەنیی ئەم توێژینەوە لە ساڵانی 11384 – 1394 بوو. بە گوێرەی لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی گشتگیر لە سەرتاسەری وڵات، دەرکەوت کە خەتەنەی ژنان لە باکووری ڕۆژاوا، ڕۆژاوا، و باشووری ئێران لە ناو ئەهلی سوننەی شافێعی مەزهەب باوە. پاش لێکدانەوە گشتگیرەکان، ژنان و کچان لە چوار پارێزگای هورمزگان، کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژاوا وەک کۆمەڵگای ئاماری دەستنیشان کران. لەم پارێزگایانەدا. ئەو شار و گوندانەی کە خەتەنەی کچانی تێدا باوە ناسێنران و وەک مەیدانی لێکۆڵینەوە دەستنیشان کران و کەسانی خۆجێیی کە ڕاهێنرا بوون لە دیمانە و تەواو کردنی ڕەوتی لێکۆڵینەوە بە کار هێنران و بۆ یەکەمین جار 1000 دیمانە بۆ لێکدانەوەی ورد و ڕاهێنانی خەڵک لە بارەی خەتەنەی کچان، لە سەر ئاستی چوار پارێزگای هورمزگان، کرماشان، کوردستان و

ئازەربایجانی ڕۆژاوا ئەنجام درا. شێوازی شیکاریی زانیارییەکان لە سەر ئاستی پێناسەیی بە کەڵکوەرگرتن لە چارت و فرەیی و ڕێژەکان بووە و هەروەها شیکاریی ئەنجامەکان تێگەیشتنی و شرۆڤانە بوو.


ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە

لێکدانەوە مەیدانییەکان پیشانی دا کە لە پارێزگاکانی هورمزگان، کرماشان، کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژاوا خەتەنەی کچان لە بەشە شافێعی مەزهەبەکاندا باوە. ئەنجام و بەڵگەکان ئەوە پیشان دەدەن کە جۆرری یەکەمی خەتەنە واتە لابردنی بەلووکە کە هەمان پێستی جیر و داپۆشەری کلیتۆریسە، لەم پارێزگایانەدا بڕەوی هەیە. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە پیشان دەدا کە هۆکارگەلی وەکوو تەمەن، خوێندەواری، ئایین، دۆخی ئابووریی بنەماڵە، ڕوانگەی پیاوان سەبارەت بە خەتەنە، بوونی خەتەنەچییەکان کاریگەری لە سەر خەتەنەی کچان دادەنێ کە هەر کام لەم فاکتەرانە بە شێوەی جیا بەراورد و شی دەکرێتەوە. هەروەها لە پێناو ئەم ئامانجانە لێکۆڵینەوەی دەستێوەردەرانەی تاقیگەیی بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی کچان ئەنجام درا کە ئەنجامەکەی دەخرێتە ڕوو.

1- کاریگەریی تەمەن لە سەر خەتەنەی کچان




چارتی 1. ڕێژەی ژنانی خەتەنەکراو لە گرووپەکانی 15 بۆ 29 ساڵ و 30 بۆ 49 ساڵ



چارتی 2. ڕێژەی خەتەنەی ژنانی 15 بۆ 29 ساڵ لە چاو ژنانی 30 بۆ 49 ساڵە

چارتەکانی سەرەوە پیشان دەدا کە ڕێژەی کچانی خەتەنەکراو لە هەندێ لە گوندەکانی پارێزگای هورمزگان زیاترە، بە جۆرێک کە لە هەندێ لە گوندەکانی دووڕگەکانی قیشم و هورمز ڕێژەکەی دەگاتە 60 لە سەدە و ئەم ڕێژە لە گوندەکانی پارسیان لە کەمترین ئاستدایە واتە 31 لە سەدە . لە بەشە باکوورییەکانی ئەم پارێزگایە خەتەنە بوونی نییە. پارێزگای کرماشان لە پلەی دووهەمدایە. لە هەندێ لە گوندەکانی پاوە، ڕێژەی خەتەنەی ئافرەتان 51 لە سەدە. لە پارێزگاکانی کوردستان و ئازەربایجانی ڕۆژاوا ئەم ڕێژە تا ڕادەیەک کەمترە. شرۆڤەکان پیشاندەری ئەوەن کە ڕێژەی ژنانی خەتەنە کراو لە نێوان تەمەنی 30 – 49 ساڵ زیاتر لە ژنانی خەتەنە کراوی 15 بۆ 29 ساڵە. لە هەندێ لە گوندەکانی پارێزگای هورمزگان و دووڕگەی قیشم 60 لە سەدە ی ژنان 29 بۆ 49 ساڵە خەتەنە کراون؛ لە لایەکی تریشەوە، لەوە دەچێ ئەم کارە لە دەڤەری لەکستانی کرماشان نەمابێت. لەوێ هیچ حاڵەتێکی خەتەنە لە ناو کچانی نێوان 15 ساڵ بۆ 29 ساڵ بەدی نەکرا. بەم شێوە ئەنجامە وەدەستهاتووەکان مزگێنی ڕەوتی ڕوو لە دابەزینمان پێ دەدەن، واتە ڕێژەی خەتەنەی کچان لە سەر ئاستی هەر چوار پارێزگاکە ڕووی لە دابەزینە. بۆ وێنە لە پیرانشار کە دەکەوێتە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا، ئەم ڕێژەی لە ناو نەوەی گەنجدا کەمتر لە 10 لە سەدە. هەر بەم شێوە لە جوانڕۆ کە دەکەوێتە پارێزگا کرماشان، دەبینین ئەم ڕێژە لە 41 لە سەدە ی ژنانی بەتەمەنەوە بۆ 9 لە سەدە ی کچ و ژنە گەنجەکاندا دابەزینی بە خۆوە بینیوە. لە هەندێ لە گوندەکانی ڕەوانسەریش ئەم دابەزینە زۆرە و لە 43 لە سەدە هوە بۆ 17 لە سەدە. پەیوەندیی پێچەوانەی نێوان تەمەن و پەرەسەندنی خەتەنەی کچان پیشان دەدا ئەو ژنانەی کە خەتەنە کراون لە خەسارەتەکانی ئەم کردەوە بە ئاگان. ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە ئەوە دەرخا کە نەوەی نوێ نەوەیەکی ئاگادارترە و بۆ بەرەو پێشبردنی ژیانی خۆی بیر و باوەڕی خۆی هەیە. بەم شێوە، کاتێ ژن و پیاوێ پێکەوە هاوسەرگیری دەکەن وایان پێ باشترە کچەکەیان بەرکەوتووی ئەو خەسارەتانە نەبێ کە ژنانی نەوەی ڕابردوو بە هۆیەوە دەیاننالاند.




چارتی 3. ڕێژەی خەتەنەی کچانی دایکانی خوێندەوار و دایکانی نەخوێندەوار کە لانیکەم کچێکی خەتەنەکراویان هەیە



چارتی 4. بەراوردی دایکانی خوێندەوار و نەخوێندەوار کە لانیکەم کچێکی خەتەنەکراویان هەیە

ئەنجامەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە بوونی دایکێکی خوێندەوار کاریگەرییەکی بەرچاوی لە سەر ئەم بڕیارە هەیە کە کچەکەی خەتەنە بکرێ یان نا. بە پێی دەرەنجامەکان خوێندەواربوونی ئافرەت یەکێکە لەو فاکتەرە گرنگانەی کە لە سەر بڕیاری خەتەنەکردنی کچەکەی کاریگەری دادەنێت. توێژینەوە و هەروەها گفتوگۆکان دەریدەخەن کە ژنانی خاوەن ئاستی باڵای خوێندن پێیان باشە کچەکانی خۆیان نەکەنە قوربانی ئەم کارە و هەرچی ئاستی خوێندنی دایک کەمتر بێت، ئەگەری ئەوەی کە کوێرانە ملکەجی نەریتە زیانبەخشەکان بێ و ئەم کارە بە بەهایەکی کۆمەڵایەتی یان ئەرکێکی ئایینی لە قەڵەم بدات زیاترە. بەڵام لە ناو هەندێ لەو ئافرەتانەشی وا خاوەن بڕوانامەی خوێندنی باڵا بوون هەندێ جار دەبینرا یەکێک لە کچەکانی خۆیانیان خەتەنە کردووە، ئەگەرچی ڕێژەی ئەم حاڵەتە لەم چوار پارێزگایە زۆر کەم بوو و لە هەندێکیاندا هیچ حاڵەتێکی وا بەدی نەکرا. داتا کۆکراوەکانی ناوچە کوردنشینەکان ئەوە دەردەخەن کە بە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندن ئەم ڕەوتە ڕووی لە دابەزین کردووە. هەروەها ئەنجامەکان ئەوە دەخەنە ڕوو کە ئەو ژنانەی وا بڕوانامەی خوێندنی باڵایان هەیە، بە گشتی ئەگەری زۆر کەمە کە پشتیوانی لە خەتەنەکردنی کچەکانیان بکەن و لە ناو کەسانی وتووێژ لەگەڵکراو کەمتر لە 20 لە سەدە هۆگری ئەم کارە بوون. بەو حاڵەشەوە بۆ ئەوەی وەها ڕوانگەگەلێک لە کردەوەدا ببنە سەرچاوەی کاریگەری، ژنانیش دەبێ بەتواناتر بن.


3- کاریگەریی ئایین لە سەر خەتەنەی کچان




چارتی 5. بەراوردی ژنانی خەتەنە کراو بە پێی ئایین

شیعەکان کە زۆرینەی حەشیمەتی ئێران پێک دێنن ئەم کردەوە دەخەنە پاڵ ئەهلی سوننە و ئەوە بە واجباتی ئایینی خۆیان لە قەڵەم نادەن. دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوە سەبارەت بە بوونی ئەم نەریتە لە ناو ئەهلی شیعەدا پیشاندەری ئەوەیە کە کوردە شیعەکان، کچان خەتەنە ناکەن و لە ئازەربایجانی ڕۆژاواش لە گوندەکانی سایین قەڵا، تەنیا 2 لە سەدە ی شیعەکان ئەم کارە دەکەن. لە گوندەکان لەکستان و سەرپێل زەهاویش ڕێژەی ئەنجامدانی ئەم کارە لە ناو شیعەکاندا بە ڕیز 4 لە سەدە و 5 لە سەدە. لە پارێزگای هورمزگانیش لە گوندە هەڵبژێردراوەکاندا، ڕێژەیەکی کەم لە خەتەنەی کچان لە ناو شیعەکان تۆمار کراوە کە دەریدەخا سەرەڕای کەمبوونی بەڵام لە ناو شیعەکانی پارێزگای هورمزگان خەتەنەی کچان بەدی دەکرێت.

4. کاریگەریی دۆخی ئابووریی بنەماڵە لە سەر خەتەنەی کچان




چارتی 6. بەراوردی ئەو بنەماڵە هەژار و دەوڵەمەندانەی وا لانیکەم کچێکی خەتەنەکراویان هەیە




چارتی 6. ڕێژەی ژنانی خەتەنەکراو بە پێی باری ئابووری

وەک لە چارتەکاندا دەبینرێ، ڕێژەی خەتەنەی کچان لە ناو ئەو ژنانەی سەر بە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندن، بە گشتی کەم دەبێتەوە. بەڵام لە نێوان دۆخی ئابووریی بنەماڵە و خەتەنەی کچان هەمیشە پەیوەندییەکە یەکسان نییە. بڕەوی خەتەنە لە ناو ژنانی دەوڵەمەندی ئەم چوار پارێزگایە، کەمتر لە 15 لە سەدە بوو. ئەنجامەکان دەریانخستووە کە لەم چوار پارێزگا ڕووماڵکراوەدا، باوبوونی خەتەنەی کچان لە بنەماڵە دەوڵەمەندەکاندا یەکسانە. تەنیا لە گوندەکانی مەریوان لە پارێزگای کوردستان و گوندەکانی پاوە لە پارێزگای کرماشان ئەم ڕێژە لە ناو بنەماڵە دەوڵەمەندەکاندا، زۆرە و بە ڕیز 23 لە سەدە و 19 لە سەدە. لە حاڵێکدا لە دیکەی ناوچەکان ئەم ڕێژە کەمتر لە 15 لە سەدە بوو. دۆخی ئابووریی باش، دەبێتە هۆی ئاسان دەستپێڕاگەیشتنی بنەماڵە دەوڵەمەندەکان بە نیعمەتەکانی ژیان، خوێندەواری، پێگە و دۆخی زانستیی باشتر و هەر لەبەر ئەمەش زەینییەتیان سەبارەت بە ژیان جیاوازە. سەرەڕای ئەمە لە ناو ئەو بنەماڵانەی وا دەوڵەمەندن کەسانێک هەن کە هێشتا پێداگری لە سەر خەتەنەکردنی کچان دەنوێنن.

5. ڕۆڵی ڕوانگەی پیاوان و ئافرەتان بۆ خەتەنەی کچان




چارتی 8. بەراوردی پیاوانی لایەنگری درێژەدان بە خەتەنە و ژنانی لایەنگری درێژەدان بە خەتەنە



چارتی .9 ڕێژەی لایەنگری کردن لە خەتەنەی کچان لە ناو ژنان و پیاوان

داتاکان پیشاندەری ئەوەن کە ئەوە ژنانن کە بڕیاری خەتەنە کردنی کچان دەدەن؛ زیاتر دایک یان نەنکی ئەو کچە و لە هەندێ حاڵەتی دیکەشدا ژنانی خزم و کەس. بۆچوونی پیاوانیش کاریگەرە، بەڵام زاڵ نییە. ژمارەکان دەرخەری ئەوەن کە ڕێژەی پشتیوانی ژنان لە خەتەنەی کچان، لە هورمزگان و دووڕگەکانی قیشم، هورمز و لارک لەو پەڕی ڕێژەی خۆی واتە 44 لە سەدە. لە حاڵێکدا ئەم ژمارە لای پیاوان 33 لە سەدە. لە پاوە و جوانڕۆی کرماشان پشتیوانی لە خەتەنەی کچان کەمترە و ڕێژەکەی لە ناو ژنان 21 لە سەدە و لە ناو پیاوان کەمتر لە 10 لە سەدە. ئەنجامەکان دەرخەری ئەوەن کە سەرەڕای شوناسی پیاوسالارانەی کۆمەڵگا، خەتەنەی ئافرەتان کردەوەیەکی ژن لە سەر ژن و شاراوەیە و پیاوان بە شێوەی شاراوە هیچ دەستێوەردانێکیان لە جێبەجێکردنیدا نییە. سەرەڕای ئەمە ژنان لە ژێر زەختی نەبینراوی پیاوسالاریدان و ناچارن درێژە بەم نەریتە بدەن.

6. کاریگەریی بوونی جۆری خەتەنەچی



چارتی 10. ڕێژەی خەتەنەی کچان بە پێی خەتەنەچی

یەکێکی دیکە لەو هۆکارە کاریگەرانەی کە درێژەپێدەری خەتەنەی کچانە داهاتی ئەو خەتەنەچییانەیە کە لەم کۆمەڵگایانەدا بوونیان هەیە و لە هەمبەر ئەم ئیشە حەقدەستێ وەردەگرن، ئەم بڕێ پارە تاکە سەرچاوەی داهاتی ژیانیانە. هەندێ لەم خەتەنەچییانە بە بێ حەقدەست و لە بەر خێر و باوەڕە ئایینییەکانیان ئەم کارە دەکەن. لە ئێران سێ تاقم هەن کە کچان خەتەنە دەکەن: قەرەجەکان، بێبییەکان (ماماکان) و ئەندامانی بنەماڵە واتە ژنە بەتەمەنەکانی خێزان. جۆری خەتەنە کردنی کچان لە پارێزگایەکەوە بۆ پارێزگایەکی دیکە جیاوازە. لە هورمزگان خەتەنەچییە خۆماڵییەکان بۆ وێنە بێبییەکان ئەم کارە ئەنجام دەدەن و لە هەندێ ناوچە بە پێی هەلومەرجەکان، ئەندامانی بنەماڵەش لەوانەیە لەم کارەدا بەشداری بنوێنن. لە ئازەربایجانی ڕۆژاوا، خەتەنەچییەکان زیاتر ئەو قەرەجانەن کە بە شێوەی نایاسایی لە هەرێمی کوردستانی ئێراقەوە دێنە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژاوا و هەر لەوێش دەمێننەوە. ئەم گرووپانە بە هۆی خەتەنەی کچانەوە داهاتێکی باشیان هەیە. ئەمانە زۆر جار ڕێنماییە تەندروستییەکان ڕەچاو ناکەن و شێوازی کارەکەیان دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هەموو جۆرە نەخۆشییەک. شان بە شانی گرووپە قەرەجەکان، بە شێوەی لێکبڵاو خەتەنەچییە خۆماڵییەکان و ئەندامانی بنەماڵەش ئەم کارە دەکەن. لە گوندەکانی کرماشان و کوردستان زیاتر خەتەنەچییە نەریتییەکان ئەم کارە دەکەن؛ لە هەندێ لە گوندەکاندا قەرەج و بێبییەکانیش بەم کارە خەریکن. لەم ناوچانەدا خەتەنە بە کەرەسەگەلی وەک تیغ، دەرزی یان چەقۆ و بە بێ بێهۆشکردن و سڕکردن ئەنجام دەدرێ و هیچ چەشن و شێوازێک لە خەتەنەی پزیشکی و تەندروستی بوونی نییە.

دەستێوەردانە تاقیکارییەکان

پاش کۆکردنەوەی داتا سەرەتاییەکان، بە مەبەستی کەمکردنەوەی ڕێژەی خەتەنەی کچان لە ناوچە فارسزمانەکانی وڵات و ناوچە کوردشینەکانی ڕۆژاوای ئێران پلانە تاقیکارییەکان لە پێناو بەرەنگاربوونەوە و کەمکردنەوەی خەتەنەی کچان چووە بواری جێبەجێکردن. ئەم داپەڕانە لە سەر دوو ئاست بوو. لە ئاستی یەکەمدا یاریدەدەرانی ڕاهێنراو کە خەڵکی ناوچەکانی ئامانج بوون بە شێوەی چاو بە چاو لە ماڵەکانیاندا و لە ڕێوەڕسمگەلی وەکوو خوولی قورئان، ئاهەنگی هاوسەرگیری و پرسە و سەرەخۆشی و لەم چەشنە کۆ بوونەوانە پەیوەندییان لەگەڵ ئافرەتان ساز دەکرد و کاتێک کە متمانەی دوو لایەنە بێچمی دەگرت، سەبارەت بە خەتەنە قسەیان دەکرد و سەبارەت بە لێکەوتە جەستەیی و دەروونییەکانی خەتەنە ئاگاداریان دەکردنەوە. لە سەر ئاستی دووهەم چەقی سەرنجی کار لە دابینکردنی چاودێریی پزیشکی و دەروونی گۆڕدرا بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵک لە کێشەکانی خەتەنەی کچان و بەشێک لە کار تەرخانی پەیوەندیی سازکردن لەگەڵ سەرپەرشتان و ڕێبەرانی ئایینی و کۆمەڵایەتی و وەدەستهێنانی پشتیوانی ئەوان کرا. پاش لێکدانەوەی

دەستێوەردەرە تاقیکارییەکان سەردانی ئەو ناوچانە کرا کە ئەم دوو ئاستی داپەرانەی تێدا ئەنجام درابوو. بەڵگە و دیمانەکان ئەوە پیشان دەدەن کە ئاستی وشیاریی ژنان لەم بارەوە زیاتر بووە و ئامادە نەبوون کچەکانیان خەتەنە بکەن و هەروەها زانایانی ئایینی و دەسترۆیشتووانی خۆجێیی بۆ ئەم بابەتە ڕازی کران و لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا پێداگرییان لە سەر ناشەرعیی بوونی ئەم کردەوە دەکردەوە. لەو هێمایانەی کە دەتوانین وەک هێمای کەمبوونەوەی ڕێژەی خەتەنە لەم ناوچانە سەیری بکەین، کەمبوونەوەی ڕێژەی کەسانی خەتەنەچی بوو. هەندێکیان وازیان لەم کارە هێنابوو یان لە ژیاندا نەما بوون و کەس نەببوو بە بەدیلیان.

باس و کۆبەندیی

بە باوەڕی زۆر کەس خەتەنەی کچان کردەوەیەکە کە لە هەموو سووچ و قوژبنەکانی دنیادا بە مەبەستی ملکەجکردنی ژنان و کچان بە ناوی ئایین و کەلتوور ئەنجام دەدرێت. سەرەڕای ئەوەی ئەم کردەوە لە لایەن ئایینی ئیسلامەوە نەسەپێنراوە و لە ئایینەکانی دیکەی وەکوو مەسیحییەت، جەهوودییەت و ئایینە خۆجێییەکانی ئافریقاش بوونی هەیە، بەڵام هەندێ کەس بە ڕەپاڵدانی ئیسلام بە خەتەنە، بەتایبەت لە وڵاتانی موسڵمان، هەوڵ بۆ بە ناچاریکردنی ئەنجامدانی ئەم کارە دەدەن. بە کارهێنانی ئایین بۆ ئەنجامدانی خەتەنەی کچان، ئامانجێکی دیکەش بەدی دێنێ کە ئەویش دامرکاندنی ئارەزووی سێکسی ژنانە. بە شێوەی تەوساوییانە ژنان خۆیان دەورێکی گرنگ لە بەردەوامیەتی ئەم کردەوە دەگێڕن. سەرەڕای ئەوەی کە زیاتر ئەفریقا وەک ناوەندی خەتەنەی کچان لە قەڵەم دەدرێ، بەڵام زۆر تۆژینەوە پیشانی داوە کە خەتەنەی کچان تەنیا لە ئەفریقادا سنووردار نابێتەوە و لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، ئاسیا، کۆچبەرانی ئوستڕالیا، نیووزیلەند، کەنەدا، ئوروپا و ئەمریکاش باوە. بە واتایەکی دیکە وڵاتان دیکە ناتوانن لە هەمبەر ئەم کێشە کەمتەرخەم بن. چوونکە لەگەڵ چوونی کۆچبەران بۆ پێکهێنانی ژیانێکی نوێ لە سەرتاسەری جیهان، ئەم کردەوەش بڵاو دەبێتەوە. لە ئێران خەتەنەی کچان شتێکی تازە نییە. سەرەڕای ئەمە نەبوونی زانیاری، بۆتە هۆی نەبینراوبوونی ئەم کردەوە. هەروەها ئەم دیاردە لە لایەن دەوڵەتەوە نکۆڵی لێکراوە و پشتگوێ خراوە و لە لایەن وەزارەتخانە و ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکانەوە پشتگوێ دەخرێ و بابەتێتی نییە، کەواتە هیچ چەشنە پشتیوانییەکی ڕاشکاوانەی یاسایی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم کردەوە بوونی نییە. هەروەها بە هۆی ئەوەی ئەم بابەتە تابۆیە، چالاکڤانانیش لەم بارەوە بێدەنگیان هەڵبژاردووە.

ئەم لێکۆڵینەوە بۆ یەکەمجار بە شێوەی تۆژینەوەیی و ورد هەستاوە بە لێکدانەوەی خەتەنە و ڕێژەی بڕەوی لە ئێران و سووچە دیار و نادیارەکانی. داتاکانی ئەم تۆژینەوە پیشان دەدا کە زیاترین ڕێژەی خەتەنەی کچان لە پارێزگای هورمزگانە و لە پارێزگاکانی ڕۆژاوا و باکووری ڕۆژاوای ئێران واتە کرماشان، کوردستان و

ئازەربایجانی ڕۆژاوا کە سەر بە ئاینزای شافێعین، بوونی هەیە. خەتەنەی کچان دەورێکی سەرەکی لە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی کەلتووریی و کۆمەڵایەتیدا هەیە و خۆڕاگری لە هەمبەر جێبەجێبوونیان پێویستی بە هەوڵێکی گشتگیر و بەردەوامە. لە ئێرانیش هاوشێوەی وڵاتانی دیکە شایەدی ڕەوتی ڕوو لە دابەزینی ئەم دیاردەین. هەڵکشاندنی ئاستی وشیاری و ئاشنابوون لەگەڵ دنیای مۆدێرن، دەستڕاگەیشتن بە ئەنتەرنێت، مۆبایلی زیرەک و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، ڕاپۆرتە هەواڵییەکان، ڕاهێنانە دروستە نافەرمییە خۆجێییەکان، چاپی کتێب، وتار، دیمانە، پلان و ئاماژە بەم بابەتە لە کۆنفرانسە نێودەوڵەتییەکان لەو فاکتەرانەن کە ڕێگەی بۆ دابەزینی ڕێژەی ئەم دیاردە خۆش کردووە. نەوەی گەنجتر، ئاستی خوێندەواریان زیاترە و لە چاو ڕابردوو ئاگادارترن و پێیان خۆش نییە ڕۆڵەکانیان خەتەنە بکەن. بۆ یەکەمین جار ڕوانگەی پیاوانە بەراورد کرا. ئەم کردەوە لە لایەن ئافرەتان بە سەر ژنان دەسەپێنرێ بەڵام کەلتووری پیاوسالارانە لە بەردەوامبوونی ئەم نەریتە خەسارەتبەخشە دەورێکی تایبەتی هەیە. ئایین لە فاکتەرە سەرەکییەکانی شەرعییەتبەخشین و لە ئەنجامدا پەرەسەندنی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییەیە. خەتەنە گرێ دراوەتەوە بە ئیسلام لە حاڵێکدا سەرچاوەی مێژوویی خەتەنە دەگەڕێتەوە بۆ میسر و شارستانییەتە کۆنەکان و لە کتێبی قورئان و کتێبی پیرۆز ئاماژەی پێ نەکراوە. ئەنجامەکان ئەوە پیشان دەدا کە بە پێی گێڕانەوەیەکی دەستە دوو[1]، ئەم کردەوە پاڵپشتیی شەرعی و ئایینی وەدەست هێناوە. بەم پێیە ئایین لە فاکتەرەکانی بەردەوامبوونی خەتەنەی کچانە. سەبارەت بەم پرسە باس زۆرە بەڵام زۆربەیان لەو بۆچوونەدان کە ئەم کردەوە لە سەر بنەمای لاضرر نابێ جێبەجێ ببێت. کەواتە زانایانی ئایینی و دەستڕۆیشتووانی ئایینی لە گرنگترین فاکتەرگەلێکن کە دەتوانن بە ناشەرعی لە قەڵەم دانی خەتەنەی کچان، بەرەنگاری ئەم دیاردە ببنەوە. خەتەنەچییەکان کە زۆریان ژنانی پیرن لە هۆکارە سەرەکییەکانی بەردەوامبوونی ئەم کردەوەن. خەتەنەچییەکان زیاتر نە لە سەر بنەمای شەرعی بەڵکوو بە مەبەستی وەدەستهێنانی داهات بەم کارە هەڵدەستن. پلانی دەستێوەردانی تاقیکاریش ئەم بابەتە دەخاتە ڕوو کە لە ڕێگەی ڕازیکردن و وتووێژ و ئاگادارکردنەوە و هەروەها پشتیوانیی دەستڕۆیشتووانی ئایینی و خۆجێیی دەتوانرێ ڕێژەی بڕەوی ئەم نەریتە زیانبەخشە و تووندوتیژی دژ بە ژنان کەم بکرێتەوە.

بۆ خەبات و بەرەنگاربوونەوە لە دژی ئەم کێشە کۆمەڵایەتییە کە بە پێی کۆنوانسیۆنەکانی ڕێکخراوی نەتەوەکان نموونەی ڕوونی تووندوتیژی سێکسی دژ بە ژنان و بەتایبەت کچان و منداڵانە دەبێ داپەڕی جیدی بگیرێتە بەر. ئەم داپەڕانە پێویستی بە هاوکاری هەمە لایەنە و بە کارهێنانی ئەزموونی جیهانییە. بوونی گیانی

---

1 - أن امرأة كانت تختن بالمدينة، فقال لها النبي صلى الله عليه وسلم: «لا تُنْهِكِي؛ فإنَّ ذلك أحظى للمرأة، وأحبُّ إلى البعل» « کاتێ ژنان خەتەنە دەکەی وریا بە لە بڕیندا زەیدەڕۆیی نەنوێنی؛ چوونکە نەمە (زەیدەڕۆیی نەنواندن) هەم بۆ نافرەت و هەمیش بۆ پیاو شیاوترە». سنن ابوداود (بەشی 179. گێڕانەوەی 571).

گۆڕان لە ناو کۆمەڵگا و ئاراستەی گەشەی کۆمەڵایەتیی هەمەلایەنە، لە کاریگەرترین فاکتەرەکانی بێچمگرتنی گۆڕانکارییە هەمیشەییەکانن. هەر هەموو گرووپە کۆمەڵایەتییەکان، پیاوان، ژنان، گەنجان، چالاکڤانانی بواری تەندروستی، ڕێبەرانی ئایینی و نائایینی و بەرپرسانی خۆجێیی، هەر هەمووان بە تێکڕایی لە نەهێشتنی کردەوەی خەتەنەی کچان دەوریان هەیە. کارکردن لە پاڵ یەکتر، وەکوو خاوەن قازانجی هاوبەرژەوەند، کۆمەڵگا بۆ گەیشتن بە شتە گەورەکان بەهێز دەکات. ئاراستەیەکی هەمەلایەنە کە هاوکات لەگەڵ بەدیهێنانی پێداویستییە بنیاتییەکان و نیگەرانییە سەرەکییەکان، فوکووس لە سەر بابەتە پەیوەستەکانی تەندروستی و یاساش بکا کە ڕەنگە باوترین چەک بێت. هەروەها دەفرایەتی کۆمەڵگا دەبێ بەهێز ببێ بۆ ئەوەی لە پاڵ قبوولکرانی گۆڕان، لە ناویشەوە بەتوانا بێت. بە مەبەستی دژایەتی و پێشگیری لە خەتەنە پێشنیار دەکرێ کە دەوڵەت دان بە بوونی خەتەنەی کچان لە ئێراندا بنێ و وەک نموونەی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ پشتڕاستی بکاتەوە و بەرنامەیەکی کارامە بە پێی یاسا و داپەڕە پێویستەکان بخاتە ڕوو. داپەڕەکانی دەوڵەت دەبێ بێتە ناو بواری پەروەردە و تەندروستی ئەویش بە نیازی پاراستنی کچان و بڵاوکردنەوەی زانیاری لە بارەی ئەم کردەوە. هەروەها پێویستە دەوڵەت پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان کە گونجاوی بارودۆخەکەن پەسند بکا و ئەو پەیماننامانەی کە پێشتر واژۆی کردووە، ببانە بواری جێبەجێکردن. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی تەندروستی لە ڕێگەی بنکەی تەندروستی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی بۆ شارەدێ و ئەو گوندانەی کە دەستیان بە شار ناگا یان کەمتر دەستیان بە شار دەگا سەرچاوەی تایبەتیان بۆ ئامادە بکات. ڕۆڵی ڕێبەرانی ئایینی بۆ وەستاندنی خەتەنەی کچان، لە فاکتەرە هەرە گرنگەکانە. کەواتە پێویستە ئەوان ڕازی بکرێن بۆ ئەوەی خەتەنەی کچان قەدەغە بکەن و هەڵی بەردەوامبوونی خەباتی ئەم گرووپانە بۆ کۆتاییهێنان بە خەتەنەی کچان بڕەخسێنن. بەتواناکردنی دەروونناسانەی ژنانی خەتەنەکراو لە لایەن ڕاوێژکارانی پڕۆفیشناڵ و ڕاهێنراو لە فاکتەرەکانی دیکەی بەرەنگاربوونەوەیە. میدیاکان لە ڕێگەکانی دیکەی بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی ژنانن. بە بە کارهێنانی پتانسێلی میدیاکان بەتایبەت تۆڕە کۆمەڵایەتییە نوێکان دەتوانین لە پێناو وشیارکردنەوەی خەڵک و پێشگیری هەنگاوی کاریگەر بهاوێژین. ڕێکخراوە نادەوڵەتییەکان و ئەو ڕێکخراوانەی وا لە سەر بنەمای کۆمەڵگا خۆجێییەکانن دەبێ لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گەشە بکەن بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەی کاریگەر وەک فاکتەرەکان گۆڕان، دەوری خۆیان بگێڕن. بە هۆی ئەوەی خەتەنەی کچان لە ناو ئەهلی سوننە ئەنجام دەدرێ و ئایینزای فەرمی وڵات شێعەیە، جۆرێ نامتمانەیی و نەبوونی هاریکاری لە ناوچە سوننەنشینەکان بەرامبەر بە دەوڵەت بەدی دەکرێت. نەبوونی هاوکاری و متمانە کۆسپی بەر دەم پێکهاتنی کەمپەینێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەتەنەی کچانە. چالاکڤانانی ئەم ناوچانە و بەرپرسانی دەوڵەتی ئەرکی سەر شانیانە کە ئەم جیاوازییانە و هاوکاری

لەگەڵ یەکتر ڕوون بکەنەوە. دەوڵەت دەبێ بیرێک بکاتەوە و پتانسێلە خۆجێیی و خۆماڵییەکان بقۆزێتەوە بۆ ئەوەی متمانەی بەرپرسان و ڕێبەرانی خۆجێیی بەرەو لای خۆی ڕابکێشێ و بەم شێوە، ئەوانیش هەوڵەکانی دەوڵەت بۆ کۆتایی‌هێنان بە خەتەنەی کچان بەرز بنرخێنن.

سەبارەت بە نووسەر

کامیل ئەحمەدی، خەڵکناسی کۆمەڵایەتی و توێژەر، براوەی خەڵاتی «ناموووس» لە زانکۆی یاسای لەندەن لە بنیاتی مافەکانی ژنان **(IKWR)** و براوەی خەڵاتی «ئاشتی» بنیاتی جیهانی ئاشتی بەشی ئەدەبیات و زانستە مرۆییەکان لە زانکۆی **جۆرج واشینگتۆنە**. توێژینەوەکانی کامیل ئەحمەدی سەبارەت بە گەشەی کۆمەڵایەتی و نێودەوڵەتی، ئێتنیکەکان و پرسەکانی پەیوەست بە ڕەگەزێتی (جێندەر) و منداڵان بووە. وتار و توێژینەوەکانی پێشووی ناوبراو بە زمانەکانی ئینگلیزی، تورکی ئەستەنبوڵی، فارسی و کوردی لە ژێر ئەم ناوانە چاپ کراون:

- **ڕوانینێکی دیکە بۆ ڕۆژهەڵات و باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا** (ڕوانینێکی خەڵکناسانە بۆ داب و نەریتی مزۆپۆتامیا)؛ (Etkim press (Istanbul, Turkey 2009

-**بە ناوی نەریت** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران) کە لە لایەن Uncut Voices Press-Frankfurt و وەشانخانەی شیرازە چاپ کراوە؛

- **زایەڵەی بێدەنگی** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری پێشوەختەی منداڵان لە ئێران) بڵاو بۆتەوە لە Nova Science Publisher, Inc., New York 2017؛

- **ماڵێک لە سەر ئاو** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە سیغە / هاوسەرگیری کاتی لە ئێران) کە دەقە فارسییەکەی لە لایەن وەشانخانەی شیرازە بڵاو بۆتەوە و وەشانخانەی مێهری لە لەندەنیش دەقە ئینگلیزییەکەی چاپ کراوە؛

- **ماڵێک بە درگای ئاوەڵاوە** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیری سپی لە ئێران) بە ئینگلیزی و فارسی کە وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کراوە؛

- توێژینەوەیەکی دیکە بە ناوی **تاڵانی منداڵی** بۆ ئەنجوومەنی پشتیوانی لە مافەکانی منداڵان ئەنجام درا کە بابەتی زبڵگەڕی منداڵانی لە تاران تاوتوێ کردووە و لە ساڵی 1398ـی هەتاوی ڕوونوێنی کرا؛

- دەقی ئینگلیزی و فارسی دەقی **شاری قەدەغەکراو** (توێژینەوەیەک سەبارەت بە ناهاوسانان لە ئێران) کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛

- و توێژینەوەیەکی ناوبراو لە ژێر ناوی لە **سنووردەوە هەتا سنوور** (توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە شوناس و ئێتنیکایەتی لە ئێران) کە 5 ئێتنیکی عەرەب، بەلووچ، کورد، فارس و تورکی تاوتوێ کردووە کە هەندێ وتاریشی بە زمانەکانی فارسی و ئینگلیزی لێ دەرکێشراوە و چاپ کراوە و لەم ماوەی دواییدا لە لایەن وەشانخانەی مێهری لە لەندەن چاپ کرا؛

-دواین توێژینەوەکانی نووسەر سەبارەت بە **خەتەنەی پیاوان** و **جۆرەکانی کاری منداڵان لە ئێران** خەریکە چاپ دەکرێت.

توێژینەوەکانی لە ماڵپەڕی خۆیان دەست دەکەوێت: www.kameelahmady.com

سەرچاوە کان:

ئەحمەدی، کامیل (1394). زایەڵەی بێدەنگی: توێژینەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە هاوسەرگیریی پێشوەختەی منداڵان لە ئێران، تاران: چاپخانەی شیرازە.

ئەحمەدی، کامیل (1395). بە ناوی نەریت: توێژینەوەی گشتگیر سەبارەت بە خەتەنەی ژنان لە ئێران، تاران: چاپخانەی شیرازە.

رئیس انجمن علمی مددکار اجتماعی ایران (1388). آمار ختنه دختران در ایران جدی نیست. دسترسی از طریق: prra.html4t97t.ak9http://jahannews

برزگر بفرويي، صادق (1382). الكتب الاربعه، الجزء الاول و الثاني، الطبعه الاولي، قم، الناشر موسسه انصاريان

المحقق الحلي (1386). شرائع الاسلام ج 4-3، الطبعه الاولي، قم، انتشارات رشيد.

مجلسي، محمدباقر (1375)، حليه المتقين، چاپ اول، انتشارات بهزاد.

علامه حلي (1374). تبصره المتعلمين، (ترجمه: ابوالحسن شعراني)، چاپ چهارم، ناشر كتابفروشي اسلاميه

شهيد اول (1389). لمعه دمشقيه، (ترجمه: علي شيرواني)، چاپ چهلم، قم، انتشارات دارالفكر

نجفي ، محمدحسن (1386). جواهر الكلام، ج 31، چاپ پنجم، ناشر اسلاميه.

مكارم شيرازي، ناصر (1378)، استفتائات جديد، ج 2.

صانعي، يوسف (1384)، مجمع المسائل ،ج 2، چاپ دوم، انتشارات ميثم تمار.

ابن قدامه، عبدالله ـ المغنى، ج 1، المطعبه دارالكتاب العربي، الناشر دار الكتاب العربي، بيروت

حنبل، احمدبن مسند احمد، ج 5، الطبعه دار صار، بيروت، الناشر دار صار، بيروت

الشربيني، محمد (1377.ق.). مغني المحتاج، ج 4، المطبعه داراحياء التراث العربي، الطبعه

عساكر، معروف بابن (1415.ق.)، تاريخ مدينه دمشق، ج 22 ، تحقيق: علي شيري، المطبه دار الفكر، الناشر دارالفكر.

البكري، سيد ابي بكر ـ اعانه الطالبين، ج 4، الطبعه الرابع ، الناشر موسسه احياء التراث العربي، ،بيروت، لبنان

قرضاوي ، يوسف (1380). ديدگاه‌هاي فقهي معاصر، ج 1، ترجمه: احمد نعمتي، چاپ اول، نشر احسان

Ahmady.K. In the Name of Tradition: Female Genital Mutilation in Iran. UN CUT / VOICES Press:://www.amazon.com/Name-Tradition-Female-Genital

Ahmady, K (2017). An Echo of Silence: A Comprehensive Research Study on Early Child Marriage in Iran.

www.novapublishers.com/catalog/product_info.php?products_id=62825

World Health organization, 1997: female Genital Mutilation Geneva, Switzerland: world Health organization

Taylor V. Female genital mutilation: cultural practice or child abuse? Pediatric Nursing 2003 Feb; 15(1):31-3

Getnet M,wakgariD, 2009: prevalence and associated factors of female genital sectional study: BMC public Health,g:264mutilation among Somali refugees in eastern E Ethiopia: a cross

World Health organization, 2008 Eliminating female genital mutilation: an interageney statement UNAIDS, UNDP, UNECA, UNESCO,UNFPA,UNHCHR,UNICEF,UNIFEM,WHO. Geneva, Switzerland.

Meniro G, Medsci M, Hecht B, Hopkins M. Female circumcision: at our doorsteps and beyond. Primery Care Update Ob/Gyn 2000; 7:231- 7

UNICEF 2014a. Female Genital Mutilation & Cutting [Online]. Available: http://data.unicef.org/child-protection/fgmc

Lindorfer, S. 2007. Sharing the pain of the bitter hearts: Liberation psychology and gender-related violence in Eastern Africa, LIT Verlag Münster.

Rouzi, A. A. 2013. Facts and controversies on female genital mutilation and Islam. European Journal of Contraception & Reproductive Health Care, 18, 10-14.

Alawi, I. & Schwartz, S. 2015. Female Genital Mutilation a Growing Problem in Iran. Available from: http://www.weeklystandard.com/blogs/female-genital-mutilation-growing-problem-iran